دەنــگ بــوو وەڵامــی نەدەدایــەوە. کــابرا دەڕوات، ئیمامی عومەر بانگی دەکات و پێی دەڵێت: براکەم هــیچ ئیشــت هــەبوو؟ گــوتی: هــاتوم ســکاڵای خێزانەکەمت لەلا بکەم، بەڵام گوێم لە خێزانەکەت بوو، کـە بـە هـەمان شێوە زمـان درێـژی دەکـرد!! ئیمــامی عومــەر فــەرموی: لەبــەر چــەند مافێــک تەحــەمولی قسەکانیم کـردووە، کـە بەسـەرمەوەی هەیە: لەبەرئەوەی بۆتـە چێشت لێنـەرو بۆتـە جل شۆر،بۆتـە شیردەری منداڵەکەم، کـە ئەمانـە هیچی لەسـەر نـی یـە بیکـات، هـەروەها داوێـنم لـە حـەڕام دەپارێزێ. کەواتە براکەم تەحەمولی بکە.

٥- پێویسـتە لەسـەر پیـاوی مسـوڵمان پارێزگـاری لـە شــەرەف و نــاموس و ئــابڕوی خێزانەکــەی بکــات، نـەهێڵێت سـفور بـێ و تێکـەڵی پیـاوی بێگانـە بێـت، نەهێڵـێ تەوقـە لەگـەڵ پیـاوی بێگانـە بکـات، ڕێگـا نــەدات لــە فەرمانــەکانی خــواو پێغەمبــەر لابــدات،

دەگرێت و گرنگی پێ دەدات. ئیبن عەبباسیش دەڵێ: حەز دەکەم خۆم بۆ خێزانەکەم جوان بکەم، وەك حەز دەکەم ئەویش خۆی بۆم جوان بکات. بەڵام جێی داخە زۆر لە ئافرەتان ئەم مافە گرنگەیان فەرامۆش کردووەو بەشێوەیەك خۆیان نیشانی مێردەکانیان دەدەن بە جلێکی چێشتاوی و بە قژێکی ئاڵۆزاوی، کە دەبێتە هۆی دوورکەوتنەوەی مێردەکانیان. ئەوجۆرە ئافرەتانەوا ئەزانن لە خواترسان ئەوەیە، کە خۆی فەرامۆش بکات و جلی جوان و ڕازاوە بۆ مێردەکەی لەبەر نەکات و خۆی کزۆڵ بکات.

کەواتە ئافرەتی لە خواترس، دەبێ ئارەزووی مێردەکەی بێنێتە دی و خۆی بۆ جوان بکات و چاوی تێر بکات.

٤- پێویستە لەسەر ئافرەتی مێرددار هەر کاتێك مێردەکەی داوای سەرجێیی (جووت بوون)ی لێکرد،

